# دارفۆر
## بنبەستی خوێناوی سودان

**زیاتر لە یەك ملیۆن و (400) هەزار ئاوارە چاویان لە دەستی (UN)ە بۆ ژەمە خۆراكێك**

ئا: شاخەوان كەمال

IDEA DEPLOMATIC



دەیەیەک دوای دەستپێکردنی شەڕی کارەساتبار لە دارفـۆر، کۆتاییەک بۆ ئەو جەنگە وێنا ناکرێت. توندبوونەوەی پێکدادنەکان لە ناوچەکانی خـۆرئـاوای سودان بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی سەرەتای دەسپێکی جەنگ کەمبووەتەوە، بەڵام بەشێکی زۆری خاکی دارفۆر هێشتا زۆر مەترسیدارە. زیاتر لە یەک ملیۆن و 400 هەزار ئاوارە هێشتا وابەستەی هاوکاریە خۆراکیەکانی کامپی ئاوارەکانن لەدارفۆر و زۆر کەسیش هەڵاتوون.

ئەم پێکدادانە چەند رەهەندییە، زیانێکی گەورەشی بە سیمای سودان گەیاندوە، ویلایەتە یەکگرتوەکان و زۆرێک لە چالاکانی خۆرئاوا، حکومەتی ئەو وڵاتە بە جینۆساید تۆمەتبار دەکەن.

تەنانەت بەر لە دەستپێکردنی جەنگیش، دارفـۆر رووبـەڕووی چەندین گرفتی دیکە ببوویەوە. دارفـۆریـش وەکـو زۆرێـک لە ناوچە پەراوێزخراوەکانی سودان، لە بواری گەشە و ئاوەدانیەوە دواکەوتووە و لەبواری سیاسیشەوە پەراوێزخراوە.

کەمی باران بارین لە ماوەی دەیان ساڵی رابردودا، ژیانی لە دارفۆر خستوەتە مەترسیەوە و قاتوقڕی بەردەوامی بەدواوە بووە.

**غافڵگیری**

شەڕو پێکدادانی توند لە نێوان خێڵەکان لەسەر خاوەندارێتی زەوی، دیاردەیەکی ئاسایی و باوە.

لــە کـۆتـایـی دەیـــەی (1980) بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی عەرەبی سەریهەڵدا کە دەوترێت لایەنگری موعەمەر قەزافی سەرۆکی پێشووی لیبیان.

ماهیەتی سیاسی لە دارفۆر بابەتێکی ئاڵۆز و تەمومژاویە، بەڵام گروپگەلێکی وەکـو «فـۆرە»کـان، «زەغـاوە»کـان، و «ماسالیستە»کان هەستیان دەکـرد کە حکومەت لایەنگری لە عەرەبەکان دەکات.

ئایین سەرچاوەی کێشەکان نەبوو: هەموو دانیشتوانی دارفۆر موسڵمانن.

ساڵی (2003)بـە دەستپێکی جەنگ لە قـەڵـەم دەدرێـت، بـەڵام بزوتـنـەوە شۆڕشگێڕەکان بەر لە (2003) دامەزراون.

لـە نـیـسـانـی سـاڵـی (2003)دا، بەرهەڵستکاران هێرشیان کـردە سەر فڕۆکەخانەی فاشر، پایتەختی دارفـۆری باکوری. ئەو هێرشە غافڵگیرانەیە لە رێگای بیابانەوە – وەکو تاکتیکێک دواتر بوو بە لایەنی بەرجەستەی پێکدادانەکانی دارفۆر و زۆر سەرکەوتوانەش بوو. بەرهەڵستکاران حەوت فڕۆکەیان تێکشکاند و فەرماندەی هێزە ئاسمانیەکانیشیان دەستگیرکرد.

خـەرتـوم و وڵاتـانـی دیـکـەی جیهان تێگەیشتن کە مەترسیەکی جدی بەڕێوەیە.

وەڵامـی حکومەتی سـودان کـە پشتی بە هێرشی ئاسمانی و میلیشیاچەکدارە عەرەبەکانی جەنجەوید بەستبوو، لەلایەن ئالێکس دیڤال، شارەزای کێشەی سودانەوە ، ناوی «دژە شۆڕشی کەم خەرجی» لێنرا.

ئەوان گوندەکانی فۆرەکان و زەغاوەکان و ماسالیتەکانیان بۆردومانـکـرد و بە تەواوەتی سوتاندیانن و مەدەنیەکانیان کوشت و دەستدرێژیان کردە سەر ژنەکان.

**بڕیاری دەستگیرکردن**

بـە گـوێـرەی لـێـکـدانـەوەی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ساڵی (2008)، لە سودان 300 هـەزار کەس لە ئەنجامی جەنگدا کوژراون، بەڵام خەرتوم ئەو ئامارە رەتدەکاتەوە.

عومەر حەسەن بەشیر، سەرۆکی سودان، لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتیەوە بە تۆمەتی جینۆساید و تاوانی جەنگی و تاوان لە دژی مرۆڤایەتی لە دارفـۆردا، بڕیاری دەستگیرکردنی دەرکراوە.

ئەو تۆمەتبارە بـەوەی کە چاودێری پاکتاوکردنی بەشێک لە کۆمەڵگەی فۆرەکان، زەغاوەکان و ماسالیستەکانی کردوە.

بەشیر یەکەم دەسـەڵاتـداری لەسەر کـاربـوو کـە لـەلایـەن دادگـای تـاوانـی نێودەوڵەتیەوە بڕیاری دەستگیرکردنی دەرکرا.

بەشیر و ئـەو بـەرپـرسـانـەی تـر کە رووبەڕووی تۆمەتی هاوشێوە بوونەتەوە، سەرجەم تۆمەتەکانیان رەتکردوەتەوە. گـومـانـی تـێـدا نییە کـە ئـەو بـڕیـاری دەستگیرکردنە کاریگەری زۆری لە سەر سودان بەجێهێشتووە.

خۆرئاوا نایەوێت هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ بەشیر و حکومەتەکەی هەبێت. دیپلۆماتەکان سەردانی ناکەن و تا ئەو کاتەی ئەو لە دەسەڵاتدا بێت، چانسێکی کەم بۆ لێخۆشبوونی قەرزە کەمەرشکێنەکانی سودان و هەڵگرتنی سزاکانی ئەمریکا بوونی هەیە.

ســەربــاری ئــەوەش تـۆمـەتـەکـانـی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، بووەتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی جەماوەری ئەو لە سودان و هەندێکی دیکە لە وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقایی.

ئەو بڕیارانە وەکو رووبەڕووبوونەوەی مافی خاوەندارێتی سودان و لە هەندێک حاڵەتیشدا وەکو هێرشی خۆرئاوا بۆ سەر ئیسلام لەقەڵەم دەدرێت.

عومـەر بەشیر دەستگیر نـەکراوە و پێشبینی ئەوەش ناکرێت بەم زوانە دادگایی بکرێت.

**وێنای باو**

جەنگیش بـەردەوامـە. رێکەوتننامەی ئاشتی لە ساڵی (2006)، تەنها لە رێگای یەکێک لە چەندین گروپی چەکدار لە دارفۆر ئیمزاکرا دۆخەکە دووبارە گەڕایەوە دۆخی راپەڕین و ئاڵۆزی.

لە ساڵی (2011) ئیئتلافێکی بچوک لە بەرهەڵستکاران»بەڵگەنامەی دەوحەی بۆ ئاشتی لە دارفۆر» (DDPD)ئیمزا کرد و لقێکی گروپێکی بەرهەڵستکاری دیکەش لەمدوایانەدا ناوی خۆی لەو بەڵگەنامەیەدا تۆمارکرد.

ئەو بەڵگەنامەیە، بەڵێنی دابەشکردنی سـامـان و دەسـەڵات لـە دارفـۆر و قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوانی جەنگ لەخۆدەگرێت، تا ئێستاش زۆربـەی ئەو بەڵێنیانە بێ وەڵام ماونەتەوە.

سێ گـروپـی بەرهەڵستکار هێشتا بەردەوامن لە خەبات لە دژی دەسەڵات کە

بریتین لە: دوو لقی سەر بە بەرەی رزگاریخوازی سودان کە لەلایەن عەبدولواحد نور و مینی میناویەوە سەرکردایەتی دەکرێن و بزوتنەوەی عەدالەت و مساوات بە سەرکردایەتی جوبریل ئیبراهیم.

لە کۆتاییەکانی ساڵی(2011) دا، ئەو سێ گروپە لەگەڵ لقی باکوری بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی سودان، کە لە ویلایەتەکانی کوردۆڤانی باشوری و نیلی شین چالاکیان دەکرد، یەکیانگرتەوە و ئیئتلافێکیان بە ناوی بەرەی شۆڕشگێڕی سودان (SRF) پێکهێنا.

نەتەوەیەکگرتوەکان باشووری سودان بە پشتیوانیکردنی ئێس ئار ئێف و بە دیاریکراوی پەنادانی بزوتنەوەی عەدالەت و مساوات، تۆمەتبار دەکات.

بەڵام باشوری سودان ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە. دامەزراندنی بەرەی شۆڕشگێڕی سودان، خەرتومی تووشی ترس و سام کردوە، بەڵام هێشتا نەبووەتە هۆی گۆڕینی ئاڕاستەی سەربازی ئەو وڵاتە. شۆڕشگێڕانی درافۆر، لە کۆمەڵێک ناوچەی قەدەغەکراودا لە دارفۆر و ناوچە دورەدەستەکانی تر چالاکی دەکەن.

**گەرمبوونی پەیوەندییەکان**

ماوەیەکە ئیتر ئەم پێکدادانە جەنگێکی سادەی نێوان حکومەت و شۆڕشگێڕان نییە .

لە چەند ساڵی رابردودا، گەورەترین هۆکاری زیانە گیانیەکانی دارفۆر، پێکدادانی نێوان گروپە جۆراوجۆرە عەرەبەکان بووە. سەرباری ئەوەی وێنای باو سەبارەت بەو پێکدادانە، ململانێی شۆڕشگێڕانی بەرەگەز ئەفریقی لەگەڵ حکومەت و عەرەبەکانی دارفۆرە، هەندێک گروپی بچوکتری بەرەگەز ئەفریقیش جەنگیان لە بەرژەوەندی خەرتومدا کردوە.

کردەی تاوانکاری لە سەرتاسەری ناوچەکە پەرەیسەندوە، بنبەستی خوێناوی و چەپەڵی دارفۆر، دە ساڵ پاش

| وڵات | دارفور |
|---|---|
| پایتەخت | فاشیر |
| هەڵکەوتە | خۆرئاوای سودان |
| ژ. دانیشتوان | ٦,٠٠٠,٠٠٠ |
| رووبەر | ٤٩٣,١٨٠ کم٢ |
| ژ. ویلایەت | ٣ ویلایەت |
| دەستپێکی جەنگ | ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٩ |
| ژ. قوربانیان | ٣٠٠,٠٠٠ کوژراو |
| ئاوارە | ٢,٥٠٠,٠٠٠ |
| زمان | عەرەبی و ئینگلیزی |
| پێکهاتەکان | فۆرەکان، زەغاوەکان، ماسالیستەکان، عەرەبەکان |

دەستپێکردنی، هێشتا بەردەوامە.

ئەم جەنگە ناوخۆییە، دەتوانرێت بە پێکدادانێکی هاوکات لە چەند ئاستدا لەقەڵەم بدرێت:

لە ئاستی خۆجێیدا: گروپەکان لەسەر بەرژەوەندی پێکەوە شەڕدەکەن.

لە ئاستی نیشتمانیدا: شۆرش گێڕان رووبەڕووی حکومەت دەبنەوە.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا: دراوسێکانی سودان و زلهێزانی گەورەی جیهان بە شێوەی باو لە گۆشە نیگای بەرژەوەندی نیشتمانی خۆیانەوە سەیری دارفۆر دەکەن.

عومەر بەشیر دڵنیایە کە ئەمریکا هەوڵی روخاندنی دەسەڵاتەکەی دەدات و پشتی بە پشتیوانیەکانی چین و روسیا لە ئەنجومەنی ئاسایش بەستووە.

لە چەند سەردەمێکی جیاوازدا، چاد و لیبیا پشتیوانیان لە شۆڕشگێڕانی دارفۆر کرد و خەرتومیش پشتیوانی لە خەباتی چەکدارانەی ئەو دوو وڵاتەکرد. خەرتوم لە ئێستادا پەیوەندیەکی باشتری لەگەڵ لیبیا و چاد هەیە.

لە ئەگەری بەردەوامبوونی پەیوەندی گەرم و گوڕی ئێستای نێوان سودان و باشوری سودان، دۆخەکە بۆ شۆڕشگێڕانی دارفۆر سەختتر دەبێت.

سەرباری ئەوەش پێکدادانەکان لە دارفۆر تا کاتی دۆزینەوەی دەرمانێکی گونجاو بۆ نەخۆشیە بنەڕەتیەکان، واتا نەبوونی گەشە، کەمی سەرچاوە و پەراوێزخستن لە بواری سیاسیەوە، بەردەوام دەبێت.

**چیرۆکی دارفۆر**

*شوباتی 2003: بەرهەڵستکاران لە ناوچەکانی خۆرئاوای دارفۆر لە دژی حکومەت راپەڕین، ئەوان لەو بڕوایەدان کە حکومەتی خەرتوم دارفۆری پشتگوێ خستووە.

* کانوونی دووەمی 2004: سوپای سودان دەستیدایە سەرکوتکردنی خوێناوی راپەڕینی دارفۆریەکان لە ناوچەکانی خۆرئاوا و سەدان هەزار کەس ئاوارە بوون.

*ئازاری 2004: بە گوێرەی راپۆرتی نەتەوەیەکگرتوەکان میلیشیاکانی جەنجەوید کە لایەنگری حکومەتن دەستیان داوەتە کوشتاری سیستماتیکی گوندنشینانی غەیری عەرەب لە دارفۆر .

*ئایاری 2006: باڵێکی شۆڕشگێڕان رێکەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ حکومەت ئیمزا کرد.

* تەموزی 2007: ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان پرۆژە بڕیارێکی سەبارەت بە رەوانەکردنی 26 هەزار هێزی ئاشتی پارێز بۆ دارفۆر ئیمزا کرد.

* ئازاری 2009: دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بڕیاری دەستگیرکردنی عومەر بەشیری سەرۆکی سودانی دەرکرد بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و جەنگ لە دژی مرۆڤایەتی و لە تەموزی 2010شدا هەر ئەو دادگایە عومەر بەشیری بە ئەنجامدانی جینۆساید تۆمەتبار کرد.

ئایاری 2011: لە دەوحەی قەتەر (بەڵگەنامەی بۆ ئاشتی لە دارفۆر) واژۆ کرا.

ئەیلولی 2012: شەڕو پێکدادان لەگەڵ بەرهەڵستکاران لە دارفۆر و کوردۆڤانی باشور دەستیپێکردەوە.

**سەرچاوە: سایتی بی بی سی فارسی**